# بۆچی تەنها پیلاّوەکا نمان ئیّمە  بەم مەملەکەتە دەبەستیّتەوە؟

بەشدار عەلی

سەرەتا زۆر حەزم دەکرد واقعیەتی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابوری و فەرهەنگی کوردستان جۆریکی تر بایە و شیوازێکی تر خەلّکەکەی ژیانیان بەکردایە نەوەك ئەم  ژیانەی کە ئیستا دەگوزەریّ و لە رایردوودا گوزەرایە,یەکێك لە ئاما نجە سەرەکیەکانی منیشگۆرینی ئەم ژیانە تالّ و نەخوازراوەی خەلّکی کوردستان بووە. زۆرم پیّ خۆش بوو ( رێبوارەکان ) لە سەتتەری شاردا( 5 ) سەعات قسەمان بۆ بکەن و ئیهانەو سوکایەتیان پیّ نەکریّت و را پیّچی زیندانەکان نەکلرینو چونکە ئەم ( ریبوارانە )جگە لە خۆشگوزەرانی و رەفاهیەتی ئینسانەکان,جگە لە ئازادی و یەکسانی کۆمەلاّیەتیو مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەلّك , هیچی تریان لەسەر زوبان نیە.زۆر حەزم دەکرد کە کچانی مەملەکەتەکەی من وەکو ئینسان حیسابیان بۆ بکریت و هینانە دی حەزو خۆزگەو ئاواتەکانیان لە کارە مەحالەکان نەبێت. زۆرم پیّ خۆش بوو کە دایك و باوکەکان رۆژانە جەرگ سوتاو نەکرابوونایە و کوشتن و برین و تەقاندنەوە هەر ساتە و هەرەشە لە هەر یەکێکمان نەکات. زۆرم پیّ خۆش بووئیتر لە ژینی تاییەتی ئینسانەکان مەزهەب و خورافیاتی دینی و برسیەتی و نەبوونی  دەست کورتی ئاویّزانی یەکتر نەبوونایە وبەردەوام وەکو تەوقیقك لە ملەکا نمان  هەرەشە لە هەناسەکا نمان نەکات.....زز بەلاّم بە داخەوە لەوەتە چاوم بە ژیان هەلّهیناوە کوردستان بۆ ئیّمە ناچەیەك بوو ئۆزقالّێك ئەمنیەتی تیا نەبوە,گرتن و کوشتن و بیّ سەروشوێن کردن بەردەوام مۆتەکی سەر دلچی خەلّك بووە, ئەمە جگە لەوەی ( نان و ئازادی )کە کۆلّەگەی سەرەکی بوونی ژیانە لە هەر ناوچەیەك باسێکی نەبوە و بەردەوام دەسەلاّتدارانی کوردستان بە بەهانەی جۆراو جۆرەوە شانی خۆیان لیّ خالّی کرۆتەوە. بۆیە ئێمەش ناچارین ئیستا بەم زمانە قسە بکەین چونکە ئەمە ژینی رۆژانەی هەر تاکێکە لە کوردستان دەژیت, ئەوەی لیّرەدا باسی دەکەین مشتێکە لە خەرمانی روداوودیاردەو بەسەرهاتە تالّەکانی خەلکی کوردستان. لەدوای را پەرینلی ئازاری 1991ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی دەسەلاّتیان بە سەر خەلّکی کوردستاندا سە پلند و دامودەزگاکان لە لایەن ئەم حیزبانە بەتاییەتی پارتی و یەکێتی قۆرخ کرا ,ئیتر بە هەموو شیئچووەیەك  بەربوونە سامانی ئەم ولاّتە و دەستیا ن بۆ وەحشیانەترین کاری ئینسانی برد بۆ زیتر کۆکردنەوەی سامان. کردەوەکانیان بەشێوەیەك پەرەی سەند دەشت و چیا و بانە چۆلّەکەکان پر بوون لە لاشەی بیّ گیان و لە خوێن هەلّکیشراو, مردنی منالاّنی شیرەخۆر بووە دیاردەیەکی رۆژانە,لیشاوی هاتنە دەرەوەی منالاّن و تازە لاوان لە خەێندن و ئیش کردنیان لە ژێر کاری قورس و تاقەت پروکێن دەستی پیّکرد, بە کورتی دەسەلاّت لای ئیحزابی ناسیونالیستی کوردی بریتی بوو لە هونەری پارە کۆکردنەوە و سەرکوتکردنی مخالفینی سیاسی خۆیان وگرتن و کوشتن و ئاوارە کردنیان .لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەرپرسەکانیان بوونە گورە سەرمایەداری جیهان و بەشی هەرە زۆری خەلّکی کوردستانیش چیانێکی کولّەمەرگی چیانیان بووە.ئیتر ئەم خەلّکە چ شتێك مایەوە کە بەم مەملەکەتوی ببەستێتەوە ؟؟ ئەم جارەیان دەورەیەکی تری شەریان دەست پیّکردوو لە شەری ناوخۆ بە قیرەوەنترین شیچواز سەربانی مالّەکانیان کردە گۆرەپانی جەنگ, بە هەزارەها لاو ئاواتەکانیان لەگەلّ خۆیان بردە ژێر گلّ, ئەو لاوانەی کە بێکاری و برسییەیتی فشاری بۆ هێنا بوون و  قە لّە مەکانبان جیهێشت و روویان لە تفەنگ کرد دوای تەواوبوونی ئەم دەورەیەی شەرەکانیان دەستەلاتیان لەنیوان دوو دەڤەردا دابەشکردو ئاوارەین وبیّ خانەو لانەیی ودەرکردنی خەلك لەسەر مالی خۆیان وگواستنەوەیان لەنێوان شارەکانی هەولیّر و سلیّمانی  دیارییەکانی تربوو بۆ خەلکی کوردستان0 ئیتر پارتی بوون و یەکێتی بوون کرا بەمەرجی ژیان وهەناسەهەلمژینلەکوردستاندالەم ماوەیەشدا ئیسلامیەکان دەرفەتیان وەرگرت و وەزعیەتی مینەتباری خەلکەکەیان بۆ خۆیان قۆستەوەبە پارەو پولی وولاتانی ئیسلامی بوون بە دزێوەتترین دیاردەی سەر ساحەی کوردستان0 فتوای کوشتن کەسانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز رۆژانە لەمنارەی مزگەوتەکان بوەزدەبویەوە وەبۆرۆژی دواتر لەشارەکانی هەولیّر وسلیّمانی ودهۆك تیرۆر دەکران تیزانیان دەکر بەدەست وقاچی کچانی مەدەنی پۆش منالانیان خستە ژێر خورافیات و چادرەکانیان کەتائیێستاش ئیسلامیەکان مەترسیترین هیّزن بۆسەر ژیانی خەلکی کوردستان تەنانەت بۆسەر خودی دەستەلاتدارەکان کەخۆیان ئەمانیان پیّگەیاندەوە لەژێربالی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی گەلاّیان داناو سەریان دەرهێنا کەئیێستا ئینسان دەکاتە بۆمب وسەدانی خەلکی بیّتاوانی بیّ پشك پشك دەکات , دەیانەوێت کۆمەلگای کوردستان سیمایەکی ئیسلامی بەسەردا بدەن , بەلام خەلکی کوردستان  بەهەزار ویەك شێوە سەلماندییویەتی وز رایگەیاندوە یاسا ودەستورەکانی ئیسلامیان قبولّ نیە , داب ونەریتیتەکانی سەرچاوەگرتوولەئیسلامیان رەفزە, کەچی هە دەسەلاتدارنن پارەو پولی خەلکیان دەژینە گیرفانیان و هاوکاریان دەکەن و بۆنیو وەزارەتەکان رایاندەکێشن  ئەوانیش بەهەموو شێوازێك بەربونەتە گیانی خەلك(شێخ زانا تاکانیدەسگیرکردنی یەکێك بوو لەکەسە دەست رۆیشتوەکانی هەولیّرو مانگانە (50000) لدۆلار لەحوکومەتی هەولیّر بۆکاروباری تەکییەکەی وەرگرتوە 0 ) لە  هەموو ئەم قۆناغانەشدا لەدژی ئەم بیّمافی ونایەکسانی ناهامەتیانەدا دەنگی ئازادی خوازان بەرز بۆتەوە بۆ تەنها ژیانێکی شایستە بەئینسانەکان, بەلام دەستەلات داران میلی تفەنگەکانیان بەرویان دا بەرزکردنەوە  ئیهانەو سوکایەتیان پیّ کرا و ناو ناتۆرەی دوور لە هەر بەهایەکی سیاسی و ئەخلاقی خستە پالّیان0 ئێمە لەزانکۆ دا بۆ پێداویستیە سەرەتایەکانی بەشەناوخۆیەکان لەبابەت ئاو وکارەبا, بۆنەمانی گەندەلی بیرۆکراسی ئیداری و ئابوورلە کۆمەلگادا , بۆدەرمالە , بۆئیفلجی سیستەمی خوێندن خۆپیشاندا نمان کرد بە ئەناشیزمی ئاژاوە گیّر ناو براین زیندانی کراین گوایە ئەزمونەکەیان دەخەینە مەترسیەوە , بەلام بە پێش

**لەشکری بۆدەولەتانی ناوچەکە دەست لەملانێ لەگەڵ صدامی دیکتاتۆرو سیخوری بۆ پاسداران (ئەزموونەکەیان) بەهێزدەبێت 0 بۆیە ئێمەی خەلکی کوردستان حەقی خۆمانە دوای ئەوهەموو دەردە سەریانە هیچ شێك نەبێت ئێمە بەم ولاتە ببەسێتەوە چگە لە پێلاوەکانمان 0دوای ئەوەی ئەمەریکا لەماوەی تەنها مانگێك دا هەموو دام ودەزگا خزمەت گوزاری و تەندروزستی و پەروەردەی ولەعێراقدا وێران کرد, وەبەهۆی خۆگرێدانەوەی وەحزابی کوردی لەگەڵ سیاسەتە شەر خوازەکانی ئەمەریکا بارودۆخی خەلکی کوردستان رۆژ لەدوای رۆژ خراپتر دەبێت 0 تەنانەت هەرئێستا نائەمەنیەکی زۆر باڵی بەسەر تەواوی کوچەو کۆلانەکانی شاری هەولیردا کێشاوە. ئەمەریکا بەهۆی داگیرکردنی عێراق دەستی تیرۆریزمی ئیسلامی بۆ سەر سەری خەڵکی عیراق و کوردستان ئاوەلا کردوە, ئەوانیش رۆژ لە دوای رۆژ چەقۆکانیان تیژتر دەکەنەوە, ئەمە جگە لەوەی بەرزبوونەوەی نرخی کەل و پەلەکان رۆژانە هەرەشە لە گیرفانی خەڵك دەکات. ئیترجئە نجومەنی حوکم و حکومەتی کاتی و هەڵبژاردن و دەستورو 0000 هەمووپیلانە پوچەکانی تریئەمەریکاچارەی هیچ یەکێك لەم دەرناکات0 هەرئێستا ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی خەریکن بەناوی دەستوورەوە خەلکی کوردستان بۆنێو کارەساتی تر پەلکێش دەکەن 0 چەندەسەختی ئێمە ژیانێکمان هەیە پرە لەکێشە , پرە لەئازاردانی ویژدانەکانمان, پرەلەنا یەکسانی,ولاتمان سەرانسەر وێران خاپوورو خوێن رشتنە , مێژوومان پریەتی لەچەوسناوە و خەساندنی مرۆڤەکان, پیاوەسیاسیو نورانیەکانی کۆمەلگا وێرانیان کردوە 0 ئاخر چی لەوەناخۆشترە فەرمانبەرێك , کرێکارێك , کاسپ کارێك رۆژانە تائێوارە عارەق دەرێژێ , بەلام لەبەردەم داوەسادەکانی منداەکانی دۆش دادەمێنی؟! چی لەوکارەساترە هەمووساتێك کوشتن پارچە پارچەکردنمان هەرەشە لەخۆمان و خوشك وبرا ئازیزانمان دەکات ؟! دوا جا ئەمە چ جەهەنەمێکە لەم مەملەکەتە پارچە زەویەك شك نابەیت دوای کاری رۆژانە شەوانە تیایدا بەحەسێیتەوە ؟! ئیتر چ شتێك ئێمە بەم مەملەکەتە ببەستێتەوە؟ بەلام سەرباری هەموو ئەو واقعیانەی کەباس کرا , هێزوئیرادەو کارکردنی ئینسانەکان دەتوانێت دەوربگێرێت لەسەر نەخشەکێشانی ژیانی داهاتووی کۆمەلگا 0 بەهۆی خەباتی ئازادی خوازان چەندین سالەیرابردوو توانرا کۆمەلێك دەسکەوت بۆخۆش گوزەرانی و رەفاهیەتی خەلکی کوردستان بەدەست بهێنرێت ,قۆناغی داهاتوو ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئێمە , ئێمەی دوای راپەرین , ئێمەی گەنجی رۆژگاری ئەمرۆ , دەبێت هەموو پەنهانیەکانی لابەرین کە بەسەر سیماو دەنگ ورەنگی ژیانمانەوە بونەتەهۆی شاردنەوەی مرۆڤ و کەس و دیاردەکان , ئەرکی ئێمەیە ئەم کۆمەلگایە لەم نایەکسانیەو گەندەلی و نائەمەنیە رزگار بکەین , سەرەتای کارمان دەبێت لەریزی هاووخەباتانمان لە ( گۆنگرەی ریفراندۆم بۆسەر بەخۆی کوردستان ) خۆمان رێخراو یەگکرتوو بکەین, بۆئەوەی گوێ لەخواستەکانمان بگیرێت و هیواو ئارەزووەکانمان نەخرێتە ژێر گڵ0**